

# بەهێزترین کەیسی کۆمپیوتەر

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر ململانێیەکی بەهێزیان هەیە بۆ دروستکردنی باشترین و بەتواناترین کەیسی کۆمپیوتەر، لەو نێوەدا دەکرێ ئاماژە بە دوو کۆمپانیای acer و asus بکەین.

کۆمپانیای acer لەم دواییەدا بەهێزترین کۆمپیوتەری بەرهەم هێناوە کە بە جۆری predator-G6-710 ناسراوە، دیزاینی کەیسی کۆمپیوتەرەکە زۆر سەرنج راکێشە و هەربۆیە بە گیانداری دڕندە ناوی دەبەن. خێرایی کۆمپیوتەرەکە ٤,٢ گیگایە. بۆ کاری گرافیکی بەهێز وەك نەخشەسازی و دیزاین و کاری ئەنیمەیشن زۆر گونجاوە. هاردی کۆمپیوتەرەکە ١٢ ترابایتە و رامەکەی ٦٤ گیگابایتە، تایبەتە بەو شاشانەی کە K٤ن، بۆ کۆمپیوتەرێکی ئەوەندە بەهێزیش دەبێ مۆنیتۆرێکی بەهێز هەبێت، بۆیە ئەیسەر لە پاڵ ئەو کۆمپیوتەرە بەهێزەدا شاشەی چەماوەی جۆری predator X34 بۆ داناوە.



# تەکنەلۆژیای نوێ و راوە ماسی



ئەوانەی حەزیان لە راوە ماسییە و دەیانەوێ بە دەستی بەتاڵ نەگەڕێنەوە و بزانن قولابەکانیان چ ماسییەکی پێوەیە، پشت بە تەکنەلۆژیای نوێ بسپێرن.. ئەگەر حەز دەکەی ماسییەکان لە ژێر ئاوەوە ببینی سوود لە GoFish وەربگرە، ئامێری ناوبراو کامێرایەکی نوێیە کە لە پشت قولابەکەوە ببەسترێتەوە، کامێراکە تاکو قوڵایی ١٥٠ مەتر لە ژێر ئاودا کار دەکات و ڤیدیۆکانی بە کوالیتی ١٠٨٠ فیلم بگرێ.. جگە لەوەش دەنگی ژێر ئاو خەزن دەکات.. «گۆ فیش» میمۆرییەکی ٣٢ گیگابایتی لەسەرە و بەهۆی ئەپلکەیشنێك دەکرێت وێنە و فیلمەکان بە ئاسانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو بکرێتەوە.



# بتڵی ئاوی دیجیتاڵی مۆبایلیش شەحن دەكاتەوە

ماوەیەك لەمەوبەر هەواڵێكمان لەسەر بتڵێكی ئاوی دیجیتالی بڵاوكردبۆوە كە بیری بەكارهێنەرەكەی دەخستەوە كەی ئاو بخواتەوە و رۆژانە چەند ئاو بخواتەوە، بەڵام ئەم بتڵە ئاوە دیجیتالییە كە تەنیا نیو لیتر ئاو دەبات ئەركی دیكە ئەنجام دەدات، بتڵی next bottle جگە لەوەی بتڵی ئاوە دوو ئەركی دیكەش ئەنجام دەدات، سپیكەر واتە بڵندگۆیەكی بلوتوسی هەیە كە شاشەیەكی LCD لەسەرەوەیە كە دەكرێت مۆبایلەكەیەتی لەسەر دابنێی و گوێ لە گۆرانییەكانی ناو مۆبایلەكەت بگری، جگە لەوەش پاوەر بانكێكیشی هەیە كە دەتوانێ لەكاتی پێویستدا مۆبایل شەحن بكاتەوە.

# لینۆڤۆ و نوتبۆكێكی نوێ

كۆمپانیای Lenovo یەكێكە لە كۆمپانیا سەركەوتووەكانی بواری بەرهەمهێنانی لاپتۆپ و نۆتیبووك و ئولترابوك...تاد.. دیزاین و توانای بەرهەمەكانی لینۆڤۆ بەرچاون و نرخ و بەهاكانیشیان زۆر لەسەرێ نییە. یەكێك لە مۆدێلە سەركەوتووەكانی لینۆڤۆ جۆری ideapad ٥ كە بەم دواییە لەم زنجیرەیە جۆری IBD ١٥-٣٠٥ی بەرهەم هاتووە. ئەم نۆتیبوكە نوێیە خێرایی لەسەرێیە چونكە پرۆسیسەری جۆری Inet coro i٥ای لەسەرە. كارتی گرافیكی لە جۆری AMDیە و دوو میگابایت رامەكەیەتی. شاشەكەی نزیكە لە ١٦ ئینج.. شوێنی دانانی كێبڵی HDMI و سێ شوێنی دانانی USB و card reader و بلوتوسی هەیە. رامەكەی ٤ گیگابایتە، هاردی ناوخۆی یەك ترابایتە كە ئەمەش بۆ نوتی بۆكێك زۆر لەسەرێیە. كیبۆردەكەی جۆری (ideapad 305)ە و سیستەمی accu type هەیە كە بە مەبەستی ئاسان و خێراتر كردنی تایب داندراوە. كێشەكەی ٢,٣٢ كیلۆ گرامە. چەند رەنگی وەك مۆر، شین و سپی و سەوزی هەیە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکـــی بەڕێز دەپرسـێت چۆن بتوانم لەسـەر فایلێکی word پاسـوّرد دابنێم بۆ ئەوەی کە جگە لە خۆم کەسـیتر نەیکاتەوە؟**


خوێنەری بەڕێز: کاتێك فایلێکت کردەوە بچۆ ســەر بەشـــی tools و فەرمانی options هەڵبژێرە، پاشان لەبەشی security کلیك بکە، لە بەشـــی password to open کۆدە نهێنییەکەت دابنێ. ئەگەر نیازتە بۆ کاتی دەســتکاری کردنی فایلەکەت پاسۆرد دابنێی ئەوە لەبەشی password to modify کۆدە نهێنیەکت بنووسە و پاشان OK لێبدە، بۆ لابردنی پاسۆردیش هەر بچۆوە بۆ ئەم بەشە.

## کیبۆردێکی بچووک کە لە گیرفاندا جێ دەبێتەوە



کیبۆرد چ بـــۆ کۆمپیوتەر و چ بۆ مۆبایل گرنگی خۆی هەیـــە، بەتایبەتی بۆ کۆمپیوتەر و ئەگـــەر نیازت هەبێ ئەرکـــی تایب بکـــەی یان بـــۆ مۆبایل ئەگەر نیـــازی چاتکردنـــت هەیە.. کۆمپانیـــای zagg لـــەم دواییـــەدا کیبۆردێکی بەرهەم هێنـــاوە کە تایبەتە بـــۆ مۆبایلـــە هۆشـــمەندەکان. کیبۆردەکـــە زۆر وەك کیبـــۆردی کۆمپیوتەر دەچێت، بەڵام دەنوشێتەوە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە کیبۆردەکە هەتا دوو ساڵ شەحنکردنەوەی ناوێت.

## تەلەڤزیۆنی ماڵەوەتان بکـ




تەلەڤزیۆنـــە هۆشـــمەندەکان شـــوێنی تەلەڤزیۆنـــە کلاســـیکیەکانیان گرتەوە، تەلەڤزیۆنەکانی ئەمڕۆ هەر تەلەڤزیۆنێکی ئاسایی نین بۆ نیشـــاندانی کەناڵەکان، بەڵکو دەتوانن بەهۆیەوە سایتەکانی ئینتەرنێت بکەنەوە و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر لەسەر شاشەی تیڤیەکانەوە ببینـــن.. ئامێرێکی بچووك هەیە کـــە پێی دەگوترێت touchjet wave کە دەتوانـــی بەهۆیەوە تەلەڤزیۆنەکەتان بکـــەی بە تەبلێتێکـــی گەورە، ئامێرەکە لەســـەرەوەی




## سایتێک لە بارەی خۆتەوە زانیاری زۆرتان پێدەبەخشێ

یەکێك لەو سـایتە گرنگانە کە پێویستە سـەردانی بکرێت، سایتی You.regettingold.comە، کاتێك سەر لەم سـایتە دەدەی لە بۆکسـێکدا مێژووی لەدایك بوونی خۆت بنووسە، ئەوکاتە سایتەکە زانیاری سەرنج راکێش لەبارەی خۆتەوە دەڵێت، وەك: تاکو ئێسـتا چەند جار دڵتان لێیداوە، چەند جار هەناسەتان کێشاوە. مانگ لەسەردەمی ژیانتاندا چەند جار بە دەوری زەویدا خولاوەتەوە، ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی ئەوکات چەند کەس بووە و ئێستا چەندە و زۆر زانیاری دیکەش....

## رەنگی پێڵاوەکەت بە ویستی خۆت بگۆڕە

چەند جار باسی پێڵاوی هۆشمەندمان کردووە، ئەو پێڵاوانەی کە هەنگاوەکان دەژمێرن، ڕێژەی ئەو وزەی سووتێندراوە دەزانێ و بۆ وەرزشـکردن و دابەزاندنی کێش سوودیان لێوەردەگیرێ، بەڵام پێڵاوی جۆری Orphe هیچ کام لەو تایبەتمەندییانەی نییـە، بەڵکو سیسـتەمی بلوتوسـی هەیە و لەرێـگای مۆبایلەکەتـەوە دەتوانی رەنگی پێڵاوەکەت بگـۆڕی، لەنـاو پێڵاوەکەدا گلۆپـی بچووکـی LED داندراوەن کە گۆڕینی رەنگەکەی بەهۆی مۆبایلەوە ئەنجـام دەدرێت. ئەم پێڵاوە تایبەتە بە وەرزشکاران و دەکرێت لەری رەنگێکی تایبـەت دیزاینێکـی نوێش دابندرێت..



## پرۆگرامێک بۆ دانانی ویندوز لەسەر فلاش میمۆری

بـۆ فۆرمات کردنـی کۆمپیوتەر و دانانی ویندۆزی نوێ دەبێ لە CD یا DVD سـوود وەربگری، بەڵام لە ویندۆز ٧ بەولاوە کارئاسـانییەك کراوە و دەکرێت لە فلاش میمۆرییەوەش ویندۆزەکەت دابنێیەوە سـەر کۆمپیوتەر، ئەمەش رەنگە بە مانـای نەمانی یەکجارەکەی DVD بێت. پرۆگرام گەلێك هەن کە ئەرکیان ئەوەیە ویندۆز بەتەواوی لەسەر فلاش میمۆری دابنێن و هەر لە رێگای فلاش میمۆریشـەوە کۆمپیوتەرەکـەت فۆرمات بکەیەوە.. یەکێك لەو پرۆگرامە بە سـوودانە پرۆگرامـی win to flash proressionalە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت زۆربەی ویندۆزەکان لەسەر فلاش میمۆری دابنێی و لەکاتی پێویستدا بەکاری بێنی، پرۆگرامەکە لەسـەرەتادا ویندۆزی سەر کۆمپیوتەرەکەت کۆ دەکاتەوە و دەیخاتە سەر فلاش میمۆری و لەکاتی پێویستیشدا تەنیا بە چەند کلیکێك ویندۆزەکەت دادەنێیەوە..




## ــــــــە بە تەبلێتێکی گەورە

تەلەڤزیۆن دادەنرێت و لە رێگای شوێنی HDMIوە لەگەڵ تەلەڤزیۆن پەیوەند دەدرێت.

ئامێرەکـە خۆی لەخۆیـدا کۆمپیوتەرێکـە، چونکە پرۆسیسـەری هەیە بە خێرایی ٢ گیگاهێرتز، سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، رامەکەی گیکابایتێکە، و بلوتوسی هەیە و دەتوانێت هێڵی ئینتەرنێتیش وەربگرێ، دوای ئەوە دەتوانی یاری و پرۆگرامە ئەندرۆیدییەکان لەسـەر تیڤی بکەیەوە..